# نامەیەکی چاو بە خوێن

حەمەسەعید حەسەن

کە جێت هێشتم
وەک منداڵێکم بەسەر هات
لە کۆڕەودا
دایک و باوکی ون کردبێ،
وەک پێشمەرگەیەکم لێ هات
ڕێژنەی گوللەی شەڕی ناوخۆ
هەموو جەستەی کون کردبێ،
دوای تۆ ڕووخا کۆشکی شکۆم
تروسکەی تیا نەما ئاسۆم،
دوای تۆ خۆم وەک گوندێ بینی
ئەنفال سیمای شێواندبێ،
یان وەک شارێ بای زەردی مەرگ
گەڵاکانی وەراندبێ،
نە مەم بە زین
نە فەرهاد بە شیرین شاد بوو،
ڕەنجی منیش
وەک هی ئەوان بە فیڕۆ چوو،
خۆشەویستی
هەمیشە بێ هوودە بووە،
هێشتا نەمبیستووە بڵێن
ئاشقێ ئاسوودە بووە.

2003. 02. 16